ئاسایشی هەولێر کەسێک بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیی نەشیاو دەستگیردەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە، ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی کەسێکی بەتۆمەتی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی نەشیاو و دور لە دابونەریت راگەیاند.

بەرپرسێکی بەڕایەتی ئاسایشی هەولێر لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، بەفەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر تۆمەتبار کەیفی سابیر حەمەد ناسراو بە کەیفی زراریمان دەستگیر کرد".

سەبارەت بەتۆمەتەکانیشی، ئاسایشی هەولێر روونیکردۆتەوە، "دەستگیرکردنی کەیف زراری بەتۆمەتی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و بڵاکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی نەشیاو و دور لە دابونەریتی کۆمەڵگە بووە، داواش دەکەین هەرکەسێك سکاڵای یاسای لەسەری هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات".